زلەنسکی: بڕاوەپێکردنی هێزی ڕۆژئاوا لە ئۆکرانیا ڕوسیا ناچار دەکات ئاشتی بکاتەوە



ڤلادیمیر زلەنسکی سەرکی ئۆکرانیا رایگەیاند، جێگیرکردنی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ئۆکرانیا یارمەتیدەر دەبێت بۆ "ناچارکردنی ڕوسیا بۆ ئاشتی".

ڤلادیمیر زلەنسکی لە میانی کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەمانیا سەبارەت بە "گروپی پەیوەندی" کە دیارترین هاوپەیمانەکانی کیێف لەخۆدەگرێت، وتی " جێگیرکردنی کەتیبەکانی سەر بە هاوبەشەکان یەکێکە لە باشترین ئامرازەکان بۆ ئامانجی ناچارکردنی ڕوسیا بۆ ئاشتی".
لە ژمارەیەك پایتەختی ڕۆژئاوا باس لە ئەگەری بڕاوەپێکردنی هێزی بیانی لە ئۆکرانیا بۆ سەپاندنی جۆبەجێکردنی هەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی دەکرێت.
پێشتریش سەرگی لاڤرۆف وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، لە چوارچێوەی هەر یەکلاکردنەوەیەك بۆ کێشەیەنان بۆ قەیرانی ئۆستا، سەرنجی لەسەر پێشنیاری ڕۆژئاوایيدا و جەختیکردەوە، وتاتەکەی دژایەتی ئەم بیرکەیەی دەکات.

سەرگی لاڤرۆف ڕایگەیاندوە، مۆسکۆ دژایەتی ئەم بیرکەیەی و ئەو بیرکانەی دەکات کە

لەڵایەن دەناڵد تەرەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکاوە پێشنیار کراون.

ئەوەشیخستەڕو، "بە دڵنیاییەوە ئەمە یازی نین بەو پێشنیازانە کە لەڵایەن نوێنەرانی سەرۆکی هەڵبژێردراوەوە خراوەتەڕو سەبارەت بە دواخستنی ئەندامێتی ئۆکرانیا لەناتۆ بۆ ماوەی 20 ساڵ و ناردنی هێزێکی ئاشتیپارێز بۆ ئۆکرانیا کە هێزەکانی بریتانیا و ئەوروپی لەخۆدەگرێت".